کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-10-2007 17:55بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کاک عومەر فەتاح ... چیتر مە هێڵە کەرامەتمان بشکێنن ... ئەنوەری حاجی

یەکێك لە کێشە گەورەکانی ئیدارەی کوردی و حکومەتی هەرێم، سیستمی دانانی پۆستەکانی حکومەت و نەزانینە لە هەڵسەنگاندنی دانانی ئەو کەسانەی لە فەرمانگاکانی حکومەتدا دنادەنرێن بەتایبەتی پۆستی بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەڕێوەبەری فەرمانگەکانە، دانانی ئەو پۆستانە لەسەر حسابی حیزب و خزم خزمێنەو واستە و واستەکاری و دەس ماچ کردنە تاوای لێدێت بەهۆی چەندین بەڕێوەبەری لێنەهاتووەوە ئیدارەی فەرمانگاکە تووشی چەندین کێشەی گەورە دەبن و کار دەگاتە فەشەل هێنان بەکاری ئەو بەرێوەبەرایەتیە من لێرەدا باسی فەرمانگەیەکی پەروەردەیی حکومەتتان بۆ باس دەکەین کە ئەویش گلەییەکانی دەکەوێتە ئەستۆی جێگری سەرۆکی خکومەتی هەرێم و وەزیری پەروەردە کە بەرێوەبەرێکیان بۆ گەورەترین دەزگای پەروەردەیی لە سلێمانی داناوە کە هیچ تواناو ئەزموونی سەرکەوتووی نەبووە لەو بوارەدا و خزمەتی وەزیفیشی سالێکی تەواو نەکردووە، لەوانەیە بلێن ئەو بەڕێوەبەریەتیە کوێ یە؟ کە باسی لێوە دەکرێت، ئەو دەزگا گرنگەش (بەرێوەبەرێتی تەلەفزیۆنی پەروەردەییە) کە ئەرکی پەروەردەرکردنی نەوەیەکی داهاتووی لە ئەستۆدایە لە ڕێگەی ئەو کەناڵەوە، ئەم بەڕێوەبەرە ماوەیەکی دورودرێژە کوردستانی جێ هێشتووە لەکاتی نەهامەتی گەلی کورددا و لەساتە سەختەکانیدا، بەڵام پاش ئەوەی کە گۆڕەپان تەخت بوو و لەوێش هیچی پی نەکرا و هیچی بۆ دەرنەچوو، ویستی خۆی بەسەر شانی خەڵکی ماندووی کوردستان و تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەرز بکاتەوە پاش ئەوەی شوێن بەشوێن بە دوای ئیشدا دەگەڕا چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی گەڕا وەك (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و حوورییە) بەڵام لەبەر بێ توانایی لەو شوێنانەدا چەند مانگێك جێگەی نەبۆوە کە ئەویش کاری وێنەگرتن بووە..... هەروەك چۆن دڵبەند مستەفای لێپرسراوی بەشی هونەریی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ووتبووی (دووجار ناردمان بۆ کاری وێنە گرتن هەردووجارەکە کارەکانی بەخراپی و (بی بەلانێ) بۆ هێناینەوە) . دواتر چۆتە لای (ئازاد جوندیانی) بۆ ئەوەی بیکات بە لێپرسراوی بەشی کامێرای تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەڵام ئەویش ڕێگەی پێنەدا، ناچار بەواستە و واستەکاری بەشێوەی (تەنسیب) چووە چالاکی هونەریی قوتابخانەو خوێندنگاکان کە ئەویش دەوامی کارکردنی رۆژی (2) سەعات بوو.. بینای چالاکی و تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەیەك بینادا بوو، ئەو کات بەرێوەبەری تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەگەڵ حیزب و خودی عومەر فەتاح نێوانیان خراپ بوو، ئەو کەسایەتیە بەناوی (ا، ع) بەفرسەتی زانی و لە ژێرەوە کاری بۆ ئەوە دەکرد زیاتر نێوانی بەڕێوەبەر و عومەر فەتاح تێك بدات ئەوەبوو بەزۆری عونەر فەتاح بەڕێوەبەرەکە لابراو (ا) یش بەواستەی دایکی (دکتۆر بەرهەم) خرایە شوێنەکەی لە کاتێکدا چەندین فەرمانبەری خاوەن ئەزموون و خاوەن بروانامەی بەرز و کە لەسەرەتای دروستبوونی تەلەفزیۆنەوە لەوێ بوون بە ئاگا بوون لە هەموو کارێکی ئەو دەزگایە بوونە قوربانی واستەیەکی دایکی دکتۆر بەرهەم، فەرمانبەران زۆر ناڕازی بوون هەتا وای لێهات چەندین فەرمانبەر لە فرسەتێکدان تا ئەوێ بەجێ بهێڵن، (ا) ی تازە بەڕێوەبەریش کە بەوەکالەت دانراوە هەر لەسەرەتادا دەستی کرد بەدژایەتی ئەو ستافەی کە هاوڕی و خۆشەویستی بەڕێوەبەری پێشوو تر بوون تاوای لێهات هەرچی پۆستێکیان هەبوو لێی سەندنەوەو کەسانی نزیکی خۆی دانا.... برایەکی خۆی کە ستاند هەڵگری بەشی کامێرا بوو بەمەرجێك هەتا ئێستاش فەرمانبەر نیە و بروانامەشی نیە کامێرایەکی گرانبەهای پێداو کردی بە وێنەگری سەرەکی، بەڕێوەبەری تازە گە بۆ کارێك بچێتە هەولێر بۆ وەزارەتی پەروەردە بەیانی دەڕوات و عەسر دەگەڕێتەوە، بەڵام لەنووسینی ئیفاد دا (3) رۆژ دەنووسێت، ئەمەش بەجێ دەهێڵین بۆ چاودێری دارایی و جگە حساباتی ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-10-2007 17:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

فەرمانگەیەش بەرپرسی سەرەکی دەبن و هاوکاری ئەو دزیە یاساییانەیە دەبن، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (21 \ 10 \ 2007) سەفەرێکی کرد بۆ هەولێر باوەڕی بەکەس نەبوو هەتا دێتەوە یەکێکی بەتوانا لە شوێنی خۆی دابنێ لەبەر ئەوەی لە کورسیەکەی دەترسا و چونکە خۆی بەراپۆرت نووسین بووە بەبەڕێوەبەر، هەمووکەس وەك خۆی تەماشا دەکات. (ا) ی بەڕێوەبەر لە جیاتی ئەو کەسانەی کە خاوەن ئەزموون و بڕوانامەو لێپرسراوی بەشەکانن وەك (هونەریی و تەکنیکی و ئیداری) کە ئەمانە لە دوای بەڕێوەبەرەوەن لە پۆستدا، (کەمال) ناوێکی دانا کە بەپرسی پرسگەیەو لە لەو حەی ئاگاداریەکاندا هەڵی واسیبوو کە (من دەچم بۆ هەولێر کەمال لە شوێنی منەو هەرچ پرس و رایەکتان هەیە بەوی بکەن) و لەبەر چاوی فەرمانبەران ووتبووی کەمال گوێ بگرە ئەوەی بەقسەی نەکردی [ بەشەق بیکەرە دەرەوە، شتی بچووکم بۆ بکە بە گا، هەروەها ووتبووی من بە ئارەزووی خۆم بڕیار دەرەکەم و عومەرفەتاحیش ناتوانێ لام بەرێت، چونکە واستەکەم زۆر گەورەیە ] وا دایارە مەبەستی (دکتۆر بەرهەم و دایکیەتی) فەرمانبەران زۆر بەو هەڵوێستەی نیگەران بوون چونکە لە دنیادا نیە سەرۆکێك سەفەر بکات و پاسەوانەکەی بخاتە شوێنی کارەکەی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو بەڕێوەبەرە هیچ شارەزاییەکی نیە لە بەڕێوەبردن و مامەڵەکردندا و ئەو خەڵکە وەك (مێگەل) سەیر دەکات بە ئارەزووی گاڵتە بەکەرامەت و کەسایەتی فەرمانبەران دەکات. لە هەمووشی سەیر تر کاك (عومەر فەتاح) ووتبووی ئەم (ا) ناناسم و من دام نەناوە و من ئاگادار نیم، بۆیە لێرەوە داوا لە بەڕێز کاك (عومەر فەتاح و دکتۆر دڵشاد عبدالرحمن) دەکەین کە چیتر یاری و گاڵتە بەکەرامەتی فەرمانبەرانی کورد نەکرێت و سوکایەتیان پێنەکرێت، گەر ئێوە گوێی نەدەنێ، کار دەگاتە ئەوەی دووڕۆژی تر براکەی بکاتە جێگری و کەسیش نەتوانێ قسە بکات مادام واستەکەی گەورەیە.

ئەنوەری حاجی
سلێمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.